کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-5-2007 14:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



## ماددەی حەوتی دەستوری هەرێمی کوردستان ئیلتزامێکی ئاینی و خواستێکی میللی و نەتەوەییە ... صلاح الدين محمد بها و الدين

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین کە دەستور ڕەنگدانەوەی خواست و ئیرادە و ماف و واقعیەتی ئەو گەلەیە بە زۆرینەی ڕەهای بەلەبەرچاو گرتنی ماف و حاڵی گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر...

لێرەوە شتێکی سروشتیە کە مادەیەکی سەرەکی و بنەرەتی لە دەستوری هەرێمی کوردستان ببێ بۆ دەربرین و جەخت کردنەوە لەسەر شناسی ئاینی گەلی کورد و ئاینی فەرمی هەرێمی کوردستان.. ڕەنگە حەز و ئارەزوو و ئاواتی چەند کەسێك لەسەر ئەوەی باسی ئاین لە دەستوردا نەکرێ نەکو کەسانێکی تر بیکەنە هەلی خراپ بەکارهێنانی ئەو دەقە دەستوریە.. ئەم نیگەرانی و دڵە راوکێیە ئەگەر تارادەیەك مەفهوم بێ، نابێ بەم شێوەیە چارەسەر بکرێ، ماددەکانی دەستور گشتگیرن و پێکەوە سەیر دەکرێن و (ئینتقائیەت) نابێ تێیدا، ماددە و برگەکان بە گشتیانەوە دەبنە پاڵپشتی یەك و تەفسیری یەکتر دەکەن..
خۆ ئەگەر مەرامێکی تریش لە پشت ئەم خواست و ئارەزووەوە بێ ئەوە وا چاکە ئاشکرا و رون دەری برن و بڵێن ئەمانەوێ کاریگەری ئاین لە ژیانی گەلی کوردستاندا بە فەرمی و دەستوری بسرینەوە، کە ئەمەش هەوڵێکی نەزۆك و پیلانێکی لەبار چووە و بەرگەی ئاشکرا بوون ناگرێ و لە هەڵمەتی یەکەمدا نەفرەتی گەل و کاردانەوەی جەماوەر دایەپڵۆسێنێ و فەشەلی پێ دێنێ.. چونکە ئەو راستیە ناشارێتەوە و گەمەی لەگەڵ ناکرێ کە گەلی ئێمە زۆربەی زۆری موسڵمانە و شناسی ئاینی لەسەرووی هەموو سەروەری و پیرۆزیەکانیەوەیەتی، هەرگیز نەفامی گروپێکی توندرەوی ناحاڵی لە ئاین، بە خراپ تێ گەیشتنی ئاین و خراپ بەکارهێنانی، ئەو راستیە ناسرێتەوە.. هەروەك هەڵەی گروپێکی توندرەوی عەلمانی بەناو ڕۆشنبیر ئەو راستیە لە جەماوەری ئێمە ناشارێتەوە کە دەبێ لە ئاستی سەردەم دابین و، زۆرترین سود لە کەلتوری ئاینی و دەقە پیرۆزەکانی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانمان لەگەڵ گەلانی موسڵماندا وەرگرین و پەند و عیبرەت لەرابردوو وەرگرین و پێگەی ئیسلام پەروەری و پابەندی گەلەکەمان کەم بەهاو هەرزان فرۆش نەکەین..
لێرەدا تەئکید لەخاڵێك دەکەمەوە کە ئیسلام ناسنامەی ئاینی گەلەکەمانە و ئاینی فەرمی هەرێمەکەمانە و نابێ ئەم راستیە پشت گوێ بخەین لە داخی یا لەترسی ململانێی حزبی و شەری ئایدۆلۆژی، ئەمە لە بەرخاتری حزبێکی ئیسلامی یا گروپێکی ئیسلامخواز نیە، بەڵکو راستیەکی واقعی یە و نکولی لێ کردنی هەڵەیەکی ستراتیژیە، بەرێگەی ترو بە پەیرەوی تەواوی مادەکانی دەستور ئەتوانین رێگە لەو ئیستغلال و خراپ قۆستنەوەیە بگرین لەبەرانبەر هەردوو گروپی توندرەو و ناحاڵیەوە..
شەریعەتی ئیسلام لەسەر ئاستی جیهان بەسەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان ناسراوە و سەدان ساڵە گەل و کۆمەڵگەی ئێمە لەسەری پێکهاتووە و دارێژراوە، ناکرێ لە ناو ئەم ئوممەتی ئیسلامەدا هەڵەی خەڵك دووبارە بکەینەوە و جەنگێکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆمان بەرپا بکەین.. بەتایبەت کاتێك دەزانین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
22-5-2007 14:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کە نەبونی ماددەیەکی وا لە دەستوری هەرێمی کوردستان دا دووچاری لێ پێچانەوەی دەستوریمان دەکا لەگەڵ دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ و هەرگیز دادگای دەستوری ڕێگە بەو سەرپێچی و خەرقە گەورەیە نادا و سەرئەنجام هەر ناوزران و عەیبداریمان بۆ ئەمێنێتەوە..

لەگەڵ ئەمەشدا داخۆ کۆمەڵگەی موسڵمانانی جیهان و گەلانی موسڵمانی دەرودراوسێ چۆنمان بخوێننەوە لە کاتێك کە بەم ئاشکراییە لەیەکەم هەلی نوسینەوەی دەستوردا پێ شێلی ماددەیەکی سەرەکی دەستوری هەمیشەیی عێراق بکەین و بێ ناسنامەیی ئاینی گەلەکەمان و هەرێمەکەمان رابگەیەنین، ئێمە هیچمان نەکردبوو ئەنفال کراین، ئەگەر ئەمە بکەین بە ئاشکرا جەنگێگ دژ بە هەموو گەلانی دەوروبەرمان رادەگەیەنین، ئەپرسم چیمان دەست ئەکەوێ لەبەرانبەر ئەم جەنگەوە؟..

ئایا دۆزی رەوای گەلەکەمان و ئەزمونەکەی هەرێمەکەمان ئەوەندە لەخەم ترازاوە و بێ منەت بوین لە خەڵك تا بەم مشتومرە ناوەخت و دەست هەڵبەسەوە سەرقاڵ ببین و چین و توێژەکانی گەل بەربدەینە یەك و شەرێکی بێ مانا و ناوەخت و بی بەرهەمی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەرپا بکەین.. لە کاتێکدا کە تەحەدیات و مەترسیەکان کەم نین و هەرەشەی گەورە لەسەر دەستکەوتەکان هەیە و ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی کوردی و کوردستانی ئەرکێکی هەنوکەیی هەر هاووڵاتیەکی دڵسۆزە، کەمکردنەوەی گرفتەکان و ڕێکخستنی ئەولەویاتەکان بۆ چارەسەری کێشەکان و بۆ روبەروبونەوەی نەیار و بەرانبەرەکان، بۆیە راشکاوانە دەڵێم بەڵێ ماددەی حەوتی دەستوری هەرێمی کوردستان دەربری راستیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیە و ڕەنگدانەوەی واقعێکی زیندووی بێ رتوشە و خواستێکی میللی و نەتەوەییە و ئیلتزامێکی ئاینییە..

وە لە پشت گوێ خستنی ئەم راستیانە و سوربوون لە سەرخستنی رای کەمینەیەکی کەم بەسەر ئیرادەی میللی و شناسی ئاینی زۆرینەی زۆری جەماوەردا جگە لەوەی هەڵەیەکی ستراتیژییە و دەسەڵاتی کوردستان تێ دەکەوێ، ئەوەندەی تر درزی نێوان جەماوەر و دەسەڵات دروست دەبێ و ڕێگە بۆ قۆستنەوەی لەلایەن کەسانی نەیار بە ئەزمونی کوردستان ئەکاتەوە و دەرگا لەسەر جۆرەها ئەگەر دەکاتەوە کە لای ئێمە نزیکترین و گونجاو ترینیان کارکردنە لەسەر فاش کردن و والاکردنی ترسناکی ئەم هەڵەیە و وەڵامی جەماوەری بەرفراوان لە شێوازەکانی رەتکردنەوە و بەرپەرچ دانەوەی یاساییی.. سەرئەنجام کات کوشتن و نیگەرانی زۆرکردن و ناو زراندن و سەرنگوم کردنی مەرامی چەوت و نامۆ بە مێژوو واقعی کۆمەڵگە و گەل.. (گرێیەك بەدەست ئەکرێتەوە بۆ دەیخەیتە ددان) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.